# ئەوەی کە بێزاری کردووین

# (ڕۆژئاوای کوردستانە) !

**نەوزاد وەلی**

لەدوای کارەساتە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی ڕژێمی سوریا بەرامبەر بە گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان ، شاندێکی لایەنە **(نایاسایی و قەدەغەکراوە کوردییەکان)** لە ڕۆژئاوا ، کۆبوونەوەیەکیان کرد لەگەڵ بەرپرسانی ڕژێمی سوریادا.

ڕژێم مستەفا تەلاسی وەزیری بەرگریی تەرخانکردبوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە.



هەڵبژاردنی مستەفا تەلاس بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی کورددا لە ڕۆژئاوای وڵاتماندا ، هەر وا هاکەزایی نەبووە و نیە!

تەلاس وەزیری بەرگریی و شەڕە و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی یەکێك لە گەورەترین دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی عەرەبییە ، ئەندامی کارای کۆڕی زمانی عەرەبییە ، ئەندامی ئاکادێمیای زانستە سروشتییەکانی ڕوسیایە! و دەیان ئیمتیازاتی لەو جۆرە.

ئەگەرچی ئەم زەلامە ئەو هەموو ناوونیشانانەی هەیە ، بەڵام لەڕاستییدا بۆیە جەنابی دانراوە لەگەڵ نوێنەرانی کورددا وتووێژ بکات ، چونکە زیادتر لە نیو سەدەیە لە سوپای ڕژێمی سوریادایە و لە ساڵی 1964 دا کە بەعس لە سوریادا بە کودەتا دەسەڵاتی گرتەدەست و بازنەی ئاساییشی دروستکرد کە بە پشتێنەی ڕەش ناوی دەرکرد و بریتی بوو لە



گەمارۆدانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕاگوێزانیان و کۆنترۆڵکردنیان ، تا لەو کاتانەدا کاکەی تەلاس یەکێك بوو لەو چەند ئەفسەرە بەعسییەی کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە سیاسەتە شۆڤێنیستیی و فاشیستییەکانی بەعس و ڕژێمەکەیان لە سوریادا جێبەجێئەکرد دژی گەلی کوردمان.

جێی سەرسوڕمان نیە کە لەناو ئەو هەموو وەزیر و بەرپرسە بەعسییانەدا وەزیری (شەڕ) وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کورددا بکات ، چونکە لەلایەکەوە و وەك ئاشکرایە بوونی وەزیری شەڕ لە هاوکێشەیەکدا مانای بوونی لایەنێکی تری شەڕە لە هەمان هاوکێشەدا و لەلایەکی تریشەوە وەزیری شەڕ و بەرگریی لە وتووێژدا ، خۆی لە خۆیدا هەڕەشە و چاوسورکردنەوەیە.



ئەگەر بەرپرسانی ڕژێمی بەعسی سوریا نیازیان باش بووایە ، ئەوا بەرپرسێکی مەدەنییان تەرخانئەکرد بۆ ئەو مەبەستە!

ئەم سەردەمە سەردەمی گڵۆڵە و گۆڕان و پێشکەوتنە خێراکانە و شتی زۆر سەیر ڕووئەدەن. ئەوەتا لە کاتێکدا کە ساڵانێکی زۆرە بەرپرسانی ڕژێمی بەعسی سوریا بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکانی ڕۆژئاوای وڵاتمان ئەڵێن: **(نایاسایی)** و **(قەدەغەکراو)** ، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆبوونەوە و وتووێژەکەن لەگەڵ نوێنەرانی یانزە حیزب لەو حیزبە **(نایاسایی و قەدەغەکراوانە)**!

ئەمە ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە کێشەی گەلەکەمان لە تەواوی کوردستاندا و بەتایبەتییش لە ڕۆژئاوادا ، گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ و لە برەو و پێشکەوتندایە و لە هەمان کاتیشدا چۆکدادانی ڕژێمی سوریاش دەرئەخات لە ڕووی کێشە نەتەوایەتییەکانماندا ، ئەوەتا بەو کۆبوونەوە و وتووێژانەیان ، بە خۆیان بزانن یان نا ، دانئەنێن بە بوونی کێشە نەتەوایەتییەکانماندا و ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی ئەوان پێیان ئەڵێن نایاسایی و قەدەغەکراو! هەر خۆیان پێشوازییان لێئەکەن ، وەك نوێنەرانی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای وڵاتماندا!

لە وتووێژەکاندا ، جەنابی وەزیر وتی: **(ئەوەی کە ئێمەی بێزارکردووە ئەوەیە کە هەندێك کەسی نابەرپرس زاراوەی نابەجێ بەکارئەهێنن ، وەك: ڕۆژئاوای کوردستان و کوردستانی سوریا)**.

ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە کە کەسانێکی بەرپرسی کورد هەبوون وەك (عۆجەلان) کە ساڵانێك لە سوریا ئەژیا لەسەر حسابی دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێمی سوریا و لە دوریی چەند مەترێکەوە لە مەزاری سەلاحەدینی ئەیوبییەوە ، ئەیوت **کورد لە سوریادا نیە و ئەوانەش کە هەن ، نزیکەی سەد و پەنجا ساڵێك لەمەوبەر لەبەر زوڵم و زۆرداریی عوسمانییەکان لە تورکیاوە هەڵهاتوون و پەنایان بۆ ئێرە هێناوە** ..(ئەم وڕێنانەی عۆجەلان لە کتێبی "حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆدا" بخوێنەرەوە).

بێگومان تەلاس و بەعسییەکانی سوریا لە ڕوانگەی وڕێنەکانی عۆجەلانەوە بە نوێنەرانی کورد لە ڕۆژئاوا ئەڵێن نابەرپرس!

یان سەیر نیە کە بەعسییەکانی سوریا ئەیانەوێت نوێنەرانی کورد لە ڕۆژئاوا ، وەك خالید بەگداش بن. بەگداشێك کە کورد بوو ، هەر لە سەرەتای بزوتنەوەی کومۆنیزمەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، سەرکردەی حیزبی کومۆنیستی سوریا بوو ، ژن و کوڕ و کچی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون ، زیادتر لە نیوەی سەرکردایەتی حیزبەکەشی کورد بوون! بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان نە خێریان بۆ کورد هەبوو ، نە خێرێکیشیان بە ناوی کوردەوە کرد! تەواو بە پێچەوانەی حیزبی کومۆنیستی عێراق و کاك عەزیز محەمەدەوە.

گەردەلولی ئازادیی گەلان هەڵیکردووە و هیچ ڕژێمێکی شۆڤێنیست و فاشیست ناتوانێت خۆی لەبەردا ڕابگرێت.

لەوە ناچێت کە بەعسییەکانی سوریا وانەیەك فێربووبن لە مێژووی بەعسی برایانەوە لە عێراقدا! ئەو ڕاستییە فێرنەبوون کە تا کێشەی کورد بە ڕەوایانە چارەسەرنەکرێت ، ئەوا ئەو ڕژێمە داگیرکەرانە ، ئارامیی سیاسی و ئابوری بەخۆیانەوە نابینن.

با سەرانی بەعسی سوریا و داگیرکەرانی ئەو بەشانەی کوردستان کە هێشتا ئازادنەکراون ، ئەو ڕاستییە مێژووییە باش بزانن کە گڵۆڵەیان کەوتووەتە لێژیی و نە گەلی کورد ئەو گەلەی جارانە و نە ئەوانیش ئەو دەسەڵات و توانایەی جارانیان هەیە و نە ئەم سەردەمەش ئەو سەردەمەیە کە هەرچییەك بکەن ، کەس پێینەزانێت و کەس لێیان نەیەتە دەنگ!

ئەمڕۆ سەردەمی گڵۆڵەیە و ڕاستییەکان لە کەس ناشارڕێنەوە ، نزمترین دەنگی ناڕەزایی و بێزاریی ، بە ئاسانترین شێوە و لە کورتترین کاتدا بە دنیادا بڵاوئەبێتەوە ، جا ئیتر چۆن و کێ ئەتوانێت دەنگی زوڵاڵی گەلێکی چل میلیۆنیی وەك کورد کپ بکات!

پێویستە داگیرکەرانی کوردستان ئەو ڕاستییە تاڵانە بچێژن و دانبنێن بە مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی کورددا ، بۆ ئەوەی کە خۆشیان بە ئاشتیی و ئاسودەیی بژین. ئەگەر هەر بەردەوام بین لەسەر سیاسەتە شۆڤێنیست و فاشیستییەکانیان ، ئەوا چارەنوسیان لە چارەنوسی سەدام و بەعس و ڕژێمەکەی ئاشنایان باشتر نابێت.

ئەبێت مستەفا تەلاس و هاوڕێ بەعسییەکانی ئەوە باش بزانن کە ئەو بەشەی وڵاتمان کە داگیریان کردووە و بە پشتێنە ڕەشەکەیان چل دانە ساڵە گەمارۆیانداوە و زیادتر لە یەك میلیۆن هاونیشتمانیی کورد هیچ پێناسەیەکیان نادرێتێ ، ئەو بەشەش بەشێکی گرنگە لە خاکی نیشتمانی کوردستان و ئێمە پێی ئەڵێین **(ڕۆژئاوای وڵاتمان)** و **(ڕۆژئاوای کوردستان)** ، جا داگیرکەران چی پێ ئەڵێن گرنگ نیە!

ئامۆژگارییم بۆ تەلاس و بەعسییەکانی سوریا ئەوەیە کە سەدامی هاوڕێی و بەعسییە براکانی لە عێراق ، بە باشوری کوردستانیان ئەوت **(شیمالولنال حەبیب)** ، ئێوەش کە هەر سەدام و بەعسەکەی عێراقن ، ئەتوانن تا ڕۆژی لەناوچوونتان بە ڕۆژئاوای کوردستان بڵێن **(شیمال شەرقونال حەبیب)** ، خۆ کەڵەشێریش نەبێت هەر ڕۆژ ئەبێتەوە.